یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە / ٨٣٩
بەروار / ١٣ / ١٠ / 2019

( فەتوای تایبەت بە ڕاگرتن و کوشتنی سەگ )

قال الله تعالى: ({فاسألوا اهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: 43).

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين وبعد:

پاش ئەوەی لە لایەن لقی شارەزووری یەکیەتی زانایانمان دەقی پرسیاری هاوڵاتیان و لایەنی پەیوەندیداری حکومەت بە ژمارە (20) لە بەرواری 2019/9/24 بەرز کرایەوە بۆ ئەنجومەنی باڵا لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە حوکمی کوشتنی ئاژەڵی سەگی بەرەڵا، وە حوکمی ڕاگرتنی سەگ وهاوشێوەکانی بە گشتی کە وەك دیاردەیەکی لێهاتووە و هەروەها دوای ئەوەی زانیمان کە ئەم دوو پرسیارە پرسیاری زۆرێك لە هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستانە خۆشەویستەکەمانە، ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی سێشەممە 9/صفر / 1441هـ - 8/10/ 2019ز = 2719/7/29ك لەباردگای سەرەکی خۆی لە هەولێر خوێندنەوەی تەواوی بۆ ئەو بابەتە کرد و پاش گەڕانەوە بۆ سەرچاوە فیقهیەکان و بەڵگەکانی تایبەت بەو بوارە ئەم فەتوایەی خوارەوەی دەرکرد:

1. سەگی فێرکراو دروستە بە مەبەستەکانی: ڕاو کردن، پاسەوانی، گەڕان بەدوای تاوان، ماددە هۆشبەرەکان .. هتد) ڕابگیرێت، بە مەرجێك کە دوور بێت لە ناو ماڵ و جێگەی حەوانەوەی تایبەتی خۆت هەبێت، وە بە پێی پێویست و زەرورەت ڕابگیرێت، تا ئەو کاتەی پێویستی و زەرورەتەکە هەبێت، کە ئەما ڕاگرتنی حەرام دەبێت، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە ( مغني المحتاج للخطيب الشربيني(11/2).

2. هەر سەگێك سەلما لە ڕوی تەندروستییەوە یان لەڕووی ئابوورییەوە کە زیانبەخشەو مەترسیی هەیە بۆ مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵی بە سود یان پەلەور،..هتد ئەوا دروستە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتی دەزگا تایبەتەکانی سەر بە حکومەت ئەو سەگە لەناو ببرێت بە شێوەیەکی گونجاو لە تەك پرانسیپەکانی پاك و خاوێنی وهاوسەنگی ژینگەییدا؛ چونکە خوای گەورە هەموو شتێکی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان دروست کردووەو بەدیهێناوە، بۆیە مرۆڤ سەنتەری بوون و خزمەت پێکردنە لە ژیاندا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ (سورة البقرة /29) واتە: خودا ئەو خودایەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی دروست کرد. بۆیە هەر ئاژەڵێك زیانبەخش بوو بۆ سەلامەتی و تەندروستی وسەروەت و سامانی گشتی وکەسی مرۆڤەکان دروستە لەناو ببرێت . هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەو ڕستییەی ڕوونتر

ئاشکرا فەرمووە کە دەفەرمویت: {أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً } (سورة لقمان: 20). بەتایبەتی ئەو جۆرە سەگانەی لە کوردەواریدا کە پێیان دەوترێت پاشگر (العقور) ئەو سەگانەی قەپ لە مرۆڤ و گیانداران و پەلەوران دەگرن، پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (خمس من الدواب كلهن فواسق، يقتلن في الحل و الحرم: الغراب والحدأة والفأرة والحية والكلب العقور). سنن النسائي (5/ 231) برقم(2890) واللفظ له، ورواه مسلم في صحيحه(2/ 856) برقم(1198) عن أم المؤمنين عائشة (رضي الله عنها). واتە: پێنج لە دەعباکانی سەر زەوی، فاسق و زیانبەخشن، لە حەرەم و دەرەوەی حەرەمدا دروستە کوشتنیان، قەلە ڕەشەو کۆلارەو مشك و مارو سەگی پاشگر یان پەلاماردەر". ئەڵێتە هەموو دڕەندەیەکی تریش کە پەلاماردەربێت و خەڵکی ئەزێت بدات لە حوکمی سەگی عەقوردایە و دروستە بەڵکو موستەحەببە کوشتنی وەك پێشەوا لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا لە جمهوری زانایانەوە دەیگێڕێتەوە لەوانە پێشەوامان حەزرەتی شافیعی ر.ح، وەك دەفەرموێت: "قال جمهور العلماء ليس المراد بالكلب العقور تخصيص هذا الكلب المعروف بل المراد هو كل عاد مفترس غالبا كالسبع والنمر والذئب والفهد ونحوها وهذا قول زيد بن أسلم وسفيان الثوری وبن عيينة والشافعي وأحمد وغيرهم وحكاه القاضي عياض عنهم وعن جمهور العلماء ". شرح النووي على صحيح مسلم (8/ 114،115) (باب ما يندب للمحرم وغيره قتله من الدواب)(8/ 115).

3. ئەو دیاردە نا پەسەندەی کە ئێستا پەیدا بووە لە هەندێك شوێن و شار و شارۆچکەی هەرێمدا، کە گەنجانێك سەگ ڕادەگرن لە ماڵەکانیاندا و پیاسەیان لەگەڵدا دەکەن . لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا حەرامەو ونەریتێکی نادروست و نامۆیە بە کوردەواری و لاسایی کردنەوەو چاولکردنی کەسانێك کە ناپابەندن بە ئیسلامەوە لە ئەوروپاو شوێنەکانی ترەوە هاتووە؛ چونکە ڕاگرتنی سەگ بەبێ ئەو هۆکارانەی کە لە بڕگەی یەکەمدا باسمانکردن حەرامەو ڕێگە پێدراو نییە. پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: " من اتخذ كلبا إلا كلب ماشية أو صيد أو زرع انتقص من أجره كل يوم قيراط" رواه مسلم في صحيحه برقم: 1575. واتە: هەرکەسێك سەگێك رابگرێت جگە لە سەگی پاسەوانی مەڕومالات، یان سەگی ڕاو کردن یان سەگی پاسەوانی ناو کشتوکاڵ، ئەوا هەموو ڕۆژێ بەندازەی قیراتیك . کە لە هەندێك فەرموودەدا بە ئەندازەی کێوی ئوحود مانا کراوە . لە چاکەو حەسەناتی لێ دەڕوات. هەروەها بەپێی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر فریشتەکان ناچنە ناو ماڵێکەوە کە . بەبێ هۆکاری دروست . سەگی تیادا

بێت". صحيح مسلم برقم(2106) عن ابن عباس(رضي الله عنهما) . چونكە وەك پێشەوا (شيخ الإسلام النووي) دەفەرموێت: "وسبب امتناعهم من بيت فيه كلبٌ لكثرة أكله النجاسات ولأن بعضها يسمى شيطانا كما جاء به الحديث والملائكة ضد الشياطين ولقبح رائحة الكلب والملائكة تكره الرائحة القبيحة". شرح النووي على مسلم (14/ 84)، واتە هۆی نەچونی مەلائیکەت بۆ ماڵێك کە سەگی لێبێت بریتییە لەوەی کە سەگ زۆرێك لە خۆراکی پیس دەخوات، و هەندێکیشیان پێیان دەگوترێت شەیتان وەك لە فەرمودەدا هاتووە، مەلائیکەتیش دژی شەیتانەکانە، هەروها لە بەر بۆنی پیسیان، مەلائیکەتیش خۆشی نایێت لە بۆنی پیس".

هەروەها لەبەر ئەوەی سەگ پیس و گڵاوە ، تەنانەت بە پرۆسەی دەبغ و خۆشەکردنیش پێستەکەی پاك نابێتەوە وەك پێشەوا حەزرەتی شافیعی دەفەرموێت: " إلا جلد الكلب، والخنزير فإنه لا يطهر بالدباغ؛ لأن النجاسة فيهما وهما حيان قائمة، وإنما يطهر بالدباغ ما لم يكن نجسا حيا". الأم للشافعي(دار المعرفة): (22 /1).

بۆیە داواکارین لە هاونیشتیمانیانی ئازیزی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم کە پابەند بن بە دەقی ئەم فەتوایەوە و بە وردی بە پێی ڕێنماییەکانی ڕەفتار بکەن، چونکە لە بەرژەوەندی گشتیدایەو دروست لە تەك مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامدا یەك دەگرێتەوە .

(والله تعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين والحمد لله أولا وآخرا.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

هەولێر

سێشەممە 9/صفری / 1441ه = 8/10/ 2019م = 2719/7/29ك